سەرچاوەیەکی: عەبدوللەتیف رەشید لە کاندیدبون بە سەرۆک کۆمار دەکشێتەوە

سەرچاوەیەکی سیاسی ئاگادار لە بەغدا رایگەیاند، د. لەتیف رەشید لە کاندیدبون بە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق دەکشێتەوە و لە ئێستادا نامەی پاشکۆی نوسیوە.

سەرچاوەیەك لەلەدوانەکی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەموتەبع بەدواداچوونی بە کردووە رایگەیاند، د. لەتیف رەشید، سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق کە جارێکی دیکە خۆی بە پۆستی سەرۆک کۆمار کاندیدکردووەتەوە، دەکشێتەوە و لە ئێستادا نامەی پاشکۆی نوسیوە و پشتوانی لە نزار ئامەدی، کاندیدی فۆرمی یەکێتی دەکات.

د. لەتیف ڕەشید، سەرۆک کۆماری ئێستا، لەسەرەتای کردنەوەی دەرگای خۆپاڕاوتن فۆرمی کاندیدبونی بە وەرگرتنی پێستەکە بە خولی دوەم بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تاکەکەسی پێشکێش کرد، دور لە ڕەزامەندی یان کاندیدکردنی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پۆستی سەرۆک کۆمار لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، بوەتە خاڵی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی، چونکە بەپێی عورفی سیاسی دوای 2003 ئەم پۆستە پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوە، لە کاتکدا پارتی دیموکراتی کوردستان سانەکە هەوەدەدات ئەو قەرخکارییە بشکێنێت و کاندیدەک لە ڕیزەکانی خۆی بخاتەو.